ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# کاریگەری کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١ *


| |
|---|
| ئارێز عبدالقادر عبدالله |
| قوتابی دکتۆرا، بەشی سیستەمی سیاسی و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، عێراق. |
| arez.abdullah@su.edu.krd |
| پ. ی. د. نەوزاد عبدالله شكرى |
| بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەڵاحەددین- هەولێر، عێراق. |
| Nawzad.shukery@su.edu.krd |



| | | |
|---|---|---|
| ID No. 5183 | Received: 25/09/2025 | وشە کلیلییەکان : |
| (PP 51 - 73) | Accepted: 16/12/2025 | کۆنگرێس، سیاسەتی دەرەوە، ئەمریکا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.24.42.3 | Published:07/06/2026 | |



## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە وردی باس لە ڕۆڵ و کاریگەری کۆنگرێسی ئەمریکا دەکات لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١. کۆنگرێسی ئەمریکا پێکدێت لە دوو ئەنجومەن، کە بریتین لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران. هەریەکەیان بە پلەی جیاواز ڕۆڵ و کەریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. بێگومان کۆنگرێس ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کۆنگرێس چەندین ئەرکی هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گرنگترین ئەرکەکانی کۆنگرێس بریتین لە دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ، دەسەڵاتی ڕەزامەندیدان لەسەر دامازراندنی بەشێک لە فەرمانبەرانی پلە باڵاکان، وەکو وەزیری دەرەوە و باڵیۆزەکان و دەسەڵاتی ڕەزامەندیدان لەسەر ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەنجامی دەدات. لە کێشەی توێژینەوە ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، سەرەڕای ئەو دەسەڵاتە دەستوورییانە، ئایا لەم ماوەیەدا کۆنگرێس چۆن کاریکردووە. یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەیە کە ڕوونی دەکاتەوە چۆن و تا چەند کۆنگرێس کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لەنێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١؟ لە میتۆدی توێژینەوە ڕێبازی چۆنایەتی و شیکردنەوەی مێژوویی بەکارهاتووە. لە دەرئەنجام، کۆنگرێس کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. جگە لەوەی کۆنگرێسی ئەمریکا بە دەرکردنی یاسا، چاودێریکردن و لە قاڵبدانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەتوانێت کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبێت، کۆنگرێس لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی جەنگ، کۆنترۆڵکردنی بودجە و دەرکردنی یاسای سزای ئابووری دەوڵەتان کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی


* ئەم توێژینەوەیە، هەڵهێنجراوە وەک بەشێک لە تێزی دکتۆرای قوتابی (ئارێز عبدالقادر عبدالله) بەناونیشانی (کاریگەری دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٠٠١ – ٢٠٢١)، لەژێر سەرپەرشتی (پ. ی. د. نەوزاد عبدالله شكرى) لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر، ئەنجامدەدرێت.

نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١ هەبووە. هەروەها، زۆر جار کۆنگرێس توانیویەتی گۆڕانکاری لە شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکات، نەک گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شەڕی عێراق ٢٠٠٣ یەکێکە لەو نموونانەی کە کۆنگرێس تیایدا کاریگەری هەبووە.

## ١. پێشەکی

کاریگەری کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەها و گرنگییەکی زۆری هەیە لە تێگەیشتن لە سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بەپێی دەستوری ئەمریکا، کۆنگرێسی ئەمریکی دەسەڵاتی یاسادانانی ئەمریکایە. هاوکار لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەپێی دەستور، کۆنگرێسی ئەمریکا ڕۆڵ و کاریگەری زۆری هەیە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێگای دەرکردنی یاسا، چاودێریکردن و بەشداریکردن لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بەهۆی ئەوەی سیستەمی سیاسی ئەمریکا سیستەمێکی دیموکراسییە و لەسەر بنەمای لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، هاوکاری و کارلێکە لە نێوان دەسەڵاتەکان، بۆیە ئەم کاریگەرییەی کۆنگرێس بەڕوونی دەبیندرێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەگشتی و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی.

لەگەڵ ئەوەی لە سیستەمی سەرۆکایەتی ئەمریکادا سەرۆک دەسەڵاتی فراوانی هەیە، بەڵام دەستوور دەسەڵاتی 'لێپرسینەوە و هاوسەنگی' (Checks and Balances) بە کۆنگرێس داوە هەر بۆیە سیاسەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتە لە لایەن تاکە کەسێك یان دامەزراوەیەك بە تەنها داناڕێژرێت و جێبەجێ ناکرێت، بەڵکو سیستەمێکی ئاڵۆزە و کاریگەرە بە چەندین دامەزراوە. یەکێک لەو دامەزراوانە کۆنگرێسە کە بە پێی دەستوری ئەمریکا کۆنگرێس لە پاڵ دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت، وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن، چەندین دەسەڵاتی هەیە و لەم ڕێگەوە دەتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لەسەر سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

کۆنگرێسی ئەمریکا پێکدێت لە دوو ئەنجومەن، کە بریتین لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران. هەریەکەیان بە پلەی جیاواز ڕۆڵ و کەریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. بەپێی دەستور، کۆنگرێس چەندین دەسەڵاتی هەیە کە دەتوانێت کاریگەری و ڕۆڵی هەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بۆ نمونە، کۆنگرێسی ئەمریکا دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگی هەیە، دەسەڵاتی ڕەزامەندیدانی هەیە لەسەر دامەزراندنی بەشێک لە فەرمانبەرانی پلە باڵاکان، وەکو وەزیری دەرەوە و باڵیۆزەکان و دەسەڵاتی ڕەزامەندیدانی هەیە لەسەر ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەنجامی دەدات.

### ١.١ گرنگی بابەتی توێژینەوە:

لیکۆڵینەوە لە خودی کۆنگرێس وەک دامەزراوەیەکی فەرمی ئەمریکا گرنگییەکی زۆری هەیە. هەروەها، لە ڕێگای لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، دیموکراسیەت و فرەدامەزراوەیی ئەمریکامان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەلایەن تاکە کەسێک یان دامەزراوەیەک بەڕێوەنابردرێت. یەکێکی دیکە لە گرنگییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە وردی کاریگەرییەکانی کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوە شیدەکاتەوە و ڕەفتاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەخاتەڕوو.

### ١.٢ کێشەی توێژینەوە:

سەرەڕای دەسەڵاتە دەستوورییەکان، مشتومڕێک هەیە کە ئایا لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ و ڕاگەیاندنی جەنگی دژ بە تیرۆر کۆنگرێس توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێت یاخود دەسەڵاتی جێبەجێکردن قۆرخی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای کردووە؟

**١.٣ ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجی توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەیە لە کاریگەرییەکانی کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١. هەروەها، شیکردنەوەی ڕۆڵ و ئاستی کاریگەرییەکانی کۆنگرێس لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، کاریگەری کۆنگرێس لەسەر گۆڕانکاری لە شێوازی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. لێکۆڵینەوە لەوەی تا چەند کۆنگرێس ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ژیانی سیاسی ئەمریکا، بە جۆرێک بتوانێت ڕەفتاری سیاسی ئەمریکا بگۆڕێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**٤.١ پرسیارەکانی توێژینەوە:**

• چۆن و تا چەند کۆنگرێس کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لەنێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١؟

• ئایا کۆنگرێس توانیویەتی گۆڕانکاری دروستبکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لەنێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١؟

**٥.١ گریمانەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ تاقیکردنەوەی ئەم گریمانانە:

• بەهۆی ئەوەی ئەمریکا دەوڵەتێکی دیموکراسی و فرە دامەزراوەییە، ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە کۆنگرێس ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەت بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گریمانەی ئەوە دەکات کە کاریگەری کۆنگرێس لەسەر پرسە ئابوورییەکان و سزاکان زیاتر بێت وەک لە بڕیاری جەنگ و ئاشتی. هەروەها، کۆنگرێس توانیویەتی گۆڕانکاری لە شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١ بکات.

**٦.١ میتۆدی توێژینەوە:**

• ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازێکی چۆنایەتییە، کە بریتییە لە پرۆسەی کۆکردنەوە، شیکردنەوە، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی داتا و زانیارییەکان. وەک کەرستەی توێژینەوە سود لە پەرتوکەکان، گۆڤارەکان، توێژینەوە و ئارتیکڵەکان، بەڵگەنامەکان، ماستەرنامەکان، تێزەکانی دکتۆرا، بیرەوەرییەکان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان وەرگیراوە. ئەم توێژینەوەیە چەندین سەرچاوەی جۆراو جۆری بەکارهێناوە کە زانستی و ئەکادیمین و جێگای متمانەن تاوەکو جارێکی دیکە ئەگەر بەکاربهێندرێتەوە هەمان داتا، واتا و مانا بدات.

• هەروەها ڕێبازی شیکردنەوەی مێژوویی بەکارهاتووە، بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان، کە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ - ٢٠٢١.

**٧.١ مەودا و چوارچێوەی توێژینەوە:**

بە هۆی بەرفراوانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم توێژینەوەیە چەند دەوڵەتێکی وەکو عێراق، تورکیا، سوریا، سعودیە، ئیمارات و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو نمونە لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١ وەرگرتووە.

**٨.١ چوارچێوەی تیۆری:**

دیاریکردنی بابەتی لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان، ئارگومێنت و شێوازی تاقیکردنەوەی ئارگومێنتەکان لە ئەرکەکانی توێژەرە و توێژەر سەرپشک دەبێت لە هەڵبژاردنی تیۆری. بەهۆی ئەوەی ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە "کاریگەری کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١ "، کە تێکەڵەیەکە لە سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆیە لەم توێژینەوەیە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ

(Neo-Classical Realism) بەکاردێت. ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ چوارچێوەیەکی تیۆرییە، هەوڵدەدات ڕەفتاری دەوڵەتەکان روونبکاتەوە بە تێکەڵکردنی کاریگەری و تێڕوانینەکانی سیاسەتی ناوخۆیی. ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ پێی وایە لە کاتێکدا لە سیستەمی نێودەوڵەتی دابەشکردنی دەسەڵات و ئەنارکی گرنگە، بەڵام هۆکارە ناوخۆییەکان وەکو دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی یاسادانان (کۆنگرێس)، دامەزراوە سیاسییەکان، پارتە سیاسییەکان و ڕای گشتی کاریگەری بەرچاویان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت هەیە. ئەم تیۆرە نیشانی دەدات کە فاکتەرە ناوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت دەبێت و لە قاڵبی دەدەن. بۆیە ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ دەبەستێت لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان و شێوازی تاقیکردنەوەی ئارگومێنتەکان. دیارترین بیرمەندانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ بریتین لە: ڕانداڵ شوێڵەر (Randal Schweller)، گیدیۆن ڕۆز (Gideon Rose) و فەرید زەکەریا (Farid Zakaria).

**١.٩ پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژیەنەوەیە، جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام، لە دوو بەش پێک دێت: لە بەشی یەکەم، باس لە شیکردنەوەی باکگراوندی مێژوویی و پێکهاتە و ئەنجومەنەکانی کۆنگرێس دەکات، لە بەشی دووەم، لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١ دەکات. هەروەها، سەرچاوەکان لە کۆتاییدا خراونەتەڕوو.

## ٢. باکگراوندی مێژوویی و پێکهاتە و ئەنجومەنەکانی کۆنگرێس

### ٢.١ باکگراوندی مێژوویی

کۆنگرێس لە سیستەمی سیاسی ئەمریکا دامەزراوەی دەستوری یەکەمە و بە دەستەی یاسادانان دادەنرێت و دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای هەیە. بەپێی دەستوری ئەمریکا، کۆنگرێسی ئەمریکی دەسەڵاتی یاسادانانی ئەمریکایە. کۆنگرێسی ئەمریکا پێکهاتووە لە دوو ئەنجومەن کە بریتین لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران. یەکەم، ئەنجومەنی نوێنەران پێکدێت لە ٤٣٥ ئەندام لەگەڵ سێ ئەندامی دیکە کە دووانیان سەر بە پارێزگا یان مقاتعەی کۆڵۆمبیایە و یەکێکیان لە پارتی سەربەخۆیە. بەم شێوەیە کۆی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بریتییە لە ٤٣٨ ئەندام. دووەم، ئەنجومەنی پیران لە ١٠٠ ئەندام پێکدێت کە هەر ویلایەتێک لە ئەنجونەنی پیران دوو ئەندامی هەیە و بۆماوەی شەش ساڵ لەم ئەنجومەنە کاردەکەن. کەواتە کۆی گشتی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرێس بە هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیران بریتییە لە ٥٣٨ ئەندام(1).

لە کاتی دانانی دەستوری ئەمریکا کێشە لە نێوان ویلایەتە گەورەکان و بچوکەکان سەریهەڵدا لەسەر ڕێژەی نوێنەرایەتی کردن لە دەستەی نیشتیمانی یاسادانان یان کۆنگرێس. ئەو ویلایەتانەی ڕێژەی دانیشتوانیان زۆر بوو داوای ژمارەیەکی زیاتری نوێنەریان دەکرد لە کۆنگرێس، بەڵام ئەو ویلایەتانەی کە ڕێژەی دانیشتوانیان کەم بوو ڕەتیان دەکردەوە. بۆیە چەندین پێشنیار لەلایەن ویلایەتەکانەوە پێشکەشکرا. لەلایەک، ویلایەتە گەورەکان لەگەڵ پلانی ویلایەتی ڤیرجینیا* (Virginia) بوون کە داوای دەکرد ژمارەی نوێنەران لە کۆنگرێس بە گوێرەی ڕێژەی دانیشتوان بێت. لەلایەکی

(1) د. شەماڵ حسین، سیاسەتی دەرەکی، لەگەڵ چەند نمونەیەک لە سیاسەتی دەرەکی (ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران، تورکیا)، چاپخانەی نووسینگەی تەفسیر، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٣٢٨.

* ڤیرجینیا (Virginia) لە ڕووی مێژووییەوە یەکێکە لە گرنگترین ویلایەتەکانی ئەمریکا و ناوەندێکی نیشتەجێبوونی دانیشتووە ڕەسەنەکانی ئەمریکایە. لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، شۆڕشی ئەمریکا و شەڕی ناوخۆدا ، ڤیرجینیا وەک ئەکتەرێکی سەرەکی دەرکەوت. دوای پەسەندکردنی دەستوور، خەڵکی ڤیرجینیا کاریگەرییەکی گەورەیان هەبوو لە داڕشتنی چارەنووسی نەتەوەیی ئەمریکا. چوار لە پێنج سەرۆکی یەکەمی ئەمریکا، لە جۆرج واشنتۆنەوە تا جەیمس مۆنرۆ، خەڵکی

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دیکە، ویلایەتە بچوکەکان پلانی نیوجێرسیان* (New Jersey) لەلا پەسەند بوو، کە پێشنیاری کردبوو ویلایەتەکان بەڕێژەی یەکسان نوێنەریان هەبێت لە دەسەڵاتی یاسادانان. لەگەڵ ئەمانەدا، نوێنەرانی کۆناتیکت* (Connecticut) پرۆژەیەکیان پێشنیار کرد، کە نوێنەرایەتی کردن لە ئەنجومەنی نوێنەران ڕێژەیی بێت و بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوان بێت و نوێنەرایەتی کردن لە ئەنجومەنی پیران یەکسان بێت لە نێوان ویلایەتەکان. ئەم پێشنیارەی کۆناتیکت کە ناسراوە بە ڕێککەوتنی گەورە ڕەزامەندی هەموو لایەنەکانی بەدەست هێنا و کێشەکەی چارەسەرکرد(1). ئەمە مێژووی قوڵی دیموکراسیەت و لێکتێگەیشتنی نێوان لایەنەکانی ئەمریکا نیشاندەدات.

کۆنگرێس لە سەرەتادا لە شاری نیۆیۆرک کۆدەبۆوە، بەڵام دواتر شوێنەکەی گوازرایەوە بۆ شاری واشنتۆن. ئەمەش بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ویلایەتەکانی باشور بوو. لە ساڵی ١٧٨٩ یەکەم کۆبوونەوەی کۆنگرێس ئەنجامدرا، ئەمە لەکاتێدا بوو کە تەنها ١١ ویلایەت دەستوریان واژۆ کردبوو. بۆیە لە کۆنگرێس تەنها ٨١ نوێنەر ئامادەییان هەبوو، کە ٥٩ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و ٢٢ ئەندامی ئەنجومەنی پیران بوو. لەگەڵ ئەمەشدا، لەو کاتەدا ٦٥ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران و ٢٦ ئەندامی ئەنجومەنی پیران کۆی گشتی ژمارەی ئەندامانی کۆنگرێسیان پێکدەهێنا(2).

بەپێی مادەی یەکەم، بەشی چوارەم، بڕگەی دووەم لە دەستوری ئەمریکی، کۆنگرێس دەبێت لایەنیکەم ساڵانە جارێک کۆببێتەوە. بەپێی دەستور وادەی کۆبوونەوەکەی کۆنگرێس لە یەکەم دووشەممەی مانگی کانوونی یەکەم دیاری کراوە، مەگەر بە یاسا کۆنگرێس ڕۆژێکی جیاواز دیاری بکات. لە بەشی دووەمی هەموارکردنی بیستەمی دەستووردا کە لە ساڵی ١٩٣٣ پەسەندکرا، و جێگەی مادەی یەکەمی بەشی چوارەم، بڕگەی دووەمی گرتەوە، بەرواری کۆبوونەوەی کۆنگرێس گۆڕدرا لە یەکەم دووشەممەی مانگی کانوونی یەکەمەوە بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی سێیەمی مانگی کانوونی دووەم (3). هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران دەبێت لەسەر وادەی کۆبوونەوە و دواختنی کۆبوونەوەی کۆنگرێس ڕێکبکەون.

---

ڤیرجینیا بوون. بۆ زانیاری زیاتر و سەرچاوە: Michael Witkoski, History of Virginia, 2024, EBSCO, https://www.ebsco.com/research-starters/history/history-virginia , Accessed (2025/12/3).

* نیوجێرسی (New Jersey) یەکێکە لە ویلایەتەکانی ئەمریکا و کەوتۆتە نێوان نیویۆرک و پێنسیلڤانیا. لە دوای شەڕی ناوخۆی ئەمریکا، نیوجێرسی سێیەم ویلایەت بوو کە دەستووری ئەمریکای پەسەند کرد و یەکەم ویلایەت بوو کە یاسای مافەکانی پەسەند کرد. لە کۆنفرانسی دەستووری ئەمریکای ساڵی ١٧٨٧ لە فیلادلفیا، نوێنەرێکی ویلایەتی نیوجێرسی بە ناوی ویلیام پاتەرسن "پلانی نیوجێرسی"ی خستەڕوو. پێشنیارەکەی پاتەرسۆن بووە هۆی دامەزراندنی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، کە تێیدا هەموو ویلایەتێک، گەورە و بچووک، نوێنەرایەتی یەکسانیان هەبوو لە ئەنجومەنەکە. بۆ زانیاری زیاتر و سەرچاوە: NJ.gov, A Short History of New Jersey, 2025, Official Site of the state of New Jersey, https://www.nj.gov/nj/about/history/short_history.shtml , Accessed (2025/12/3).

* کۆناتیکت (Connecticut) یەکێکە لە ویلایەتە دێرینەکانی ئەمریکا و پایتەختەکەی ناوی هارتفۆردە. لە دوای هەریەکە لە ڤیرجینیا و نیوجێرسی، کۆناتیکت بە سێیەم ویلایەت دادەنرێت لە ڕووی پەیوەندیکردن و پەیوەستبوونییەوە بە یەکێتی فیدراڵی ئەمریکاوە. ساڵی پەیوەندیکردن و لکاندنی کۆناتیکت بە یەکێتی فیدراڵی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەربەخۆیی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ١٧٧٦ تا ١٧٨٣. بۆ زانیاری زیاتر و سەرچاوە: لوقمان خەیاڵی، پوختەیەک لە مێژووی گەورە زلهێزی جیهان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.

(1) کۆمەڵێک نوسەر، دەربارەی ئەمریکا – دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرنج و راڤەکاریی، وەرگێڕانی حەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠، ل ٢٨.

(2) محەمەد ئەمجەد، سیاسەت و حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێڕانی سەلاح میهرپەروەر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ٢٣٠.

(3) Constitution. Congress. Gov., ArtI.S4.C2.1 When Congress Shall Assemble, Congress. Gov., https://constitution.congress.gov/browse/essay/artI-S4-C2-1/ALDE_00013352/ , Accessed (8/4/2025).

بەپێی مادەی یەکەم، بەشی پێنجەم، بڕگەی چوارەم لە دەستوری ئەمریکی، واباوە بەرواری دانیشتن و دواخستنی کاتی کۆبوونەوەی کۆنگرێس لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانەوە دەنگی لەسەر دەدرێت. هیچ کام لە ئەنجومەنەکان بەبێ ڕەزامەندی ئەوی دیکە نابێت کاتی دانیشتنی کۆنگرێس بۆ زیاتر لە سێ ڕۆژ دوابخات، بۆ دواخستنی زیاتر لە سێ ڕۆژ، پێویستی بە ڕەزامەندی هەردوو ئەنجومەنەکە هەیە. ئەگەر هەردوو ئەنجومەنەکە نەتوانن ڕێکبکەون لەسەر دواخستنی کاتی دانیشتنی کۆنگرێس، دەستوور دەسەڵات دەدات بە سەرۆک بۆ دواخستنی کاتی دانیشتنی کۆنگرێس بۆ ئەو کاتەی کە بە گونجاوی دەزانێت. هەروەها نابێت شوێنەکەی بۆ هیچ شوێنێکی تر بگۆڕێدرێت جگە لەو شوێنەی کە دوو ئەنجومەنەکە تێیدا دادەنیشن (1).

بەشداریکردنی کۆنگرێس لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە پێی کات گۆڕانی بەسەرداهاتووە. بەشداریکردنی کۆنگرێس لە سیاسەتی دەرەوە لە پێش جەنگی جیهانی دووەم تەنها لە هەندێک پرسی سنووردار و تایبەتدا بوو. بۆ نمونە، کۆنگرێس بەشداری لە پەیماننامە، باج و خەرجکردن کردووە بەڵام لە بوارەکانی دیکەدا ڕۆڵێکی پەراوێزی هەبووە. کۆنگرێس لە دوای جەنگی ڤێتنام (١٩٥٥ _ ١٩٧٥) ڕۆڵی لە سیاسەتی دەرەوە زیادیکرد کە ناونرا بە سەرهەڵدانەوەی کۆنگرێس. بەهۆی ئەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەندێک هەڵەی گەورە و مەترسیداریکرد کە مەترسییەکی گەورەی لەسەر بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا دروستکردبوو، بۆیە کۆنگرێس هەوڵیدا بەشداری و کاریگەری خۆی لەسەر سیاسەتی دەرەوە زیاتر بکات. لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆڵی کۆنگرێس لە سیاسەتی دەرەوە زیادیکردووە. ئەم زیادکردنەش نەک تەنیا هەر لە ئاستی بەشداریکردن لە سیاسەتی دەرەوە، بەڵکو سروشتی بەشداریکردنی گۆڕیوە. لەم چوارچێوەیەدا کۆنگرێس چەندین ئامرازی لەبەردەستە بۆ کاریگەریکردنە سەر سیاسەتی دەرەوە، لەوانە دەسەڵاتی یاسادانان، چاودێری و بودجە(2).

٢.٢ پێکهاتە و ئەنجومەنەکانی کۆنگرێس

کۆنگرێسی ئەمریکا پێکدێت لە دوو ئەنجومەن، کە بریتین لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران:

یەکەم: ئەنجومەنی نوێنەران:

ئەنجومەنی نوێنەران کە بە "ماڵی گەل" ناسراوە، یەکێکە لە دوو ئەنجومەنەکەی کۆنگرێسی ئەمریکا کە دەزگایەکی یاسادانانی ئەمریکایە. ئەم ئەنجومەنە بە هاوکاری لەگەڵ ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا لە پرۆسەی یاسادانان کاردەکات. بەپێی دەستووری ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٩ دامەزراوە و بارەگا سەرەکییەکەی دەکەوێتە باڵەخانەی کاپیتوڵ لە واشنتۆن دی سی پایتەختی ئەمریکا. ئەنجومەنی نوێنەران لە ٤٣٥ ئەندام پێکدێت کە هەر دوو ساڵ جارێک لەلایەن دەنگدەرانی ویلایەتە جیاوازەکانی ئەمریکاوە هەڵدەبژێردرێن. بەپێی دەستووری ئەمریکا، ئەندامەکان دەبێت دانیشتووی ئەو ویلایەتە بێت کە تێیدا هەڵدەبژێردرێت، ٧ ساڵی لە هاوڵاتیبوونی ئەمریکی تێپەڕاندبێت و لایەنی کەمر تەمەنی ٢٥ ساڵ بێت. ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوانی هەر ویلایەتێک هەڵدەبژێردرێن و نوێنەرایەتی ویلایەتەکە دەکەن. هەروەها ئەندامەکانی ئەنجومەنی نوێنەران لە چوارچێوەی لیژنە تایبەتمەندەکاندا کاردەکەن بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنووسی یاساکان و چاودێریکردنی ئەدای دامەزراوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم

(1) Constitution. Congress. Gov., ArtI.S5.C4.1 Adjournment of Congress, Congress. Gov., https://constitution.congress.gov/browse/essay/artI-S5-C4-1/ALDE_00013353/ , Accessed (8/4/2025).

(2) Dr. Nawzad Abdullah Shukri, The impact of Domestic factors on U.S. Foreign Policy, Journal of Law and Politics, College of Law and Political Science, Salahaddin University – Erbil, 18thyear, No. (29), December 2020, p.p. 41 – 42.

ئەنجومەنە دەسەڵاتی یاسایی گرنگیان هەیە، وەکو ناساندنی پرۆژە یاسای داهات و دوورخستنەوەی بەرپرسانی فیدراڵی(1).

دامەزرێنەرانی دەستووری ئەمریکا بۆ لە بەرچاوگرتنی جیاوازی ڕێژەی دانیشتوان و گەورەیی و بچوکی ویلایەتەکان، هەروەها بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە نێوان ویلایەتەکان بیریان لە سیستەمی دوو ئەنجومەنی لە دەسەڵاتی یاسادانان کردەوە، کە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانە. بەشێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی دوو ئەنجومەنی ئەوە بوو کە ویلایەتە گەورەکانی وەک نیویۆرک گلەیی ئەوەیان دەکرد کە پێویستە و شایەنی ڕۆڵێکی گەورەترن لە چالاکییەکانی حوکمڕانیدا لە چاو هاوتا بچووکەکانیان. ئەمەش وایکرد دامەزرێنەرانی دەستوور نیگەران بن لەوەی کە دەسەڵاتی یاسادانانی یەک ئەنجومەنی هاوسەنگییەکی گونجاویان بۆ دابین ناکات. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە، دامەزرێنەرانی دەستووری ئەمریکا درکیان بەوەکرد کە دەسەڵاتی یاسادانانی دوو ئەنجومەنی لە ئەمریکادا گونجاوترین سیستەمە. هەروەها دوای پەسەند کردنی دەستوری ئەمریکا، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا یەکەمر کۆبوونەوەی خۆی لە ٤ی ئازاری ١٧٨٩ لە نیویۆرک ئەنجامدا(2).

بەگوێرەی دەستوری ئەمریکا، هەر ویلایەتێک بەگوێرەی ڕێژەی دانیشتوان کورسی لە ئەنجومەنی نوێنەران دەبێت، بەڵام لایەنیکەمر دەبێت خاوەنی یەک ئەندام بێت لە ئەنجومەنی نوێنەران. ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن دەستوری ئەمریکاوە بە کراوەیی هێشتراوەتەوە و کۆنگرێس دەتوانێت بڕیار لە زیادکردن یان کەمکردنی کورسییەکان بدات. بە زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان یان ویلایەتەکان سروشتییە ئەگەر ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیش زیاد بکرێت(3).

ژمارەی کورسییەکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ساڵی ١٧٨٩ بریتی بوو لە ٦٥ ئەندام. پاشان لە ساڵی ١٧٩٠ دوای سەرژمێری دانیشتوان ژمارەی ئەندامان فراوانتر بوون و بوون بە ١٠٥ ئەندام. دواتر لە ساڵی ١٨٠٠دا دووبارە بەرز بۆوە و بوو بە ١٤٢ ئەندام. بە پشتبەستن بە دوایین سەرژمێری دانیشتوانی ساڵی ١٩١١ و بە یاسای فیدراڵی کە لە ٨ی ئابی ١٩١١ دەرچووە، ژمارەی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە ٤٣٥ نوێنەر دیاری کرد، هەروەها ئەمەش بە یاسای دابەشکردنی هەمیشەیی ساڵی ١٩٢٩ پەسەند کرا(4).

بە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە هەر ئەندامێک نوێنەرایەتی دەکات، لایەنگرانی زیادکردنی ژمارەی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەڵێن هەنگاوێکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی کوالیتی نوێنەرایەتی(5). لەبەرامبەردا کۆنگرێس گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لەگەڵ زۆرتر بوونی ژمارەی دانیشتوان پێویست ناکات ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران زیاد بکرێت. پێیان وایە بە زیادکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران کۆنترۆڵکردن و بە ئەنجام گەیاندنی گفتوگۆکان لەو ئەنجومەنەدا تووشی گرفت ببێت، بەمەش ئەمر ئەنجومەنە تووشی مەترسی دەبێت.

---

(1) الجزيرة، مجلس النواب الأميركي.. بيت الشعب، ٢٠١٤/١١/٣، الجزيرة، https://shorturl.at/wGocc ، تاريخ الزيارة (٢٠٢٤/١١/٨).

(2) نفس المصدر، تاريخ الزيارة (٢٠٢٤/١١/٨).

(3) محەمەد ئەمجەد، سیاسەت و حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا, وەرگێڕانی سەلاح میهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٦.

(4) الجزيرة، مجلس النواب الأميركي.. بيت الشعب، المصدر السابق، تاريخ الزيارة (٢٠٢٤/١١/٨).

(5) نفس المصدر، تاريخ الزيارة (٢٠٢٤/١١/٨).

**لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن ئەو ژمارەیە گەیشتۆتە ٦٠٠ هەزار کەس، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستەم بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن بریتی بوو لە ٢٠٠ هەزار کەس(1).**

**دووەم: ئەنجومەنی پیران:**

**بەپێی بەشی سێیەمی مادەی یەکەمی دەستور، ئەنجومەنی پیران پێکدێت لە دوو سیناتۆر بۆ هەر ویلایەتێک (١٠٠ سیناتۆر بۆ کۆی گشتی ئەنجومەنی پیران) بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکان. ماوەی هەر خولێکی ئەنجومەنی پیران شەش ساڵە و هەر سیناتۆرێکیش یەک دەنگی هەیە. هەر دوو ساڵ جارێک دوو لەسەر سێی کورسییەکانی ئەنجومەنی پیران نوێ دەکرێتەوە. ئەندامی ئەنجومەنی پیران دەبێت تەمەنی ٣٠ ساڵی تەواو کردبێت، ٩ ساڵ بەسەر هاوڵاتی بوونی ئەمریکی تێپەڕ بووبێت، دانیشتووی ئەو ویلایەتە بێت کە لێی هەڵدەبژێردرێت(2).**

**سەرۆکی ئەنجومەنی پیران جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکایە، تەنها لەکاتێکدا کە دەنگەکان یەکسان بێت، سەرۆکی ئەنجومەنی پیران بۆی هەیە دەنگ بدات(3). کاتێک جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا ئامادە نەبێت لە ئەنجومەنی پیران، ئەنجومەنی پیران لەلایەن "سەرۆکی کاتی" سەرۆکایەتی دەکرێت، سەرۆکە کاتییەکە ئەندامی زۆرینەی ئەو پارتەیە کە ئەنجومەنی پیرانی پێکهێناوە. سیناتۆرەکانی ئەنجومەنی پیران لە نێوان خۆیاندا سەرۆکە کاتییەکە هەڵدەبژێرن(4). سەرۆکی ئەنجومەنی پیران دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکا بەکاردەهێنێت لە ئەگەری مردن، دەستلەکارکێشانەوە، دوورخستنەوەی بە لێپێچینەوە یان کەمئەندامی سەرۆکی ئەمریکا(5).**

**ئەنجومەنی پیران لە سیستەمی سیاسی ئەمریکادا "هێزێکی واقیعی و زیندوو"ە. ئەنجومەنی پیران دەزگایەکی هەمیشەییە و ناتواندرێت هەڵبوەشێنرێتەوە. تا پێش ساڵی ١٩١٣، سیناتۆرەکانی ئەنجومەنی پیران لەلایەن یاسادانەرانی ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێردران، بەڵام لە ساڵی ١٩١٣دا دەستووری ئەمریکا دەستکاری و هەموار کرا. بەپێی هەمواری ١٧ی دەستوور، سیناتۆرەکان ڕاستەوخۆ لەلایەن هاووڵاتیانی ویلایەتەکانەوە هەڵدەبژێردرێن. لە ئەنجامدا سیناتۆرەکان لە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆدا بە دەنگی جەماوەری ویلایەتەکان هەڵدەبژێردرێن(6).**

**هەرچەندە داڕێژەرانی دەستوور پشتگیریان لە جیاکردنەوە و هاوسەنگی دەسەڵاتەکان دەکردووە، بەڵام لە ڕێگەی ماف و ئیمتیازەکانی ئەنجومەنی پیرانەوە دەبینرێت کە ئەنجومەنێکی بەهێز و ئیمتیازدارە. داڕێژەرانی دەستوور دەیانویست ئەنجومەنی پیران دوو چێک (dual check) بێت، لەلایەک لەسەر سەرۆکی ئەمریکا و لە لایەکی دیکە لەسەر ئەنجوومەنی نوێنەران. دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پیران هاوتای ئەنجومەنی نوێنەرانە و لە هەندێک دەسەڵاتی کارگێڕی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکادا هاوبەشە. ئەنجومەنی پیران دەسەڵاتی یاسادانانی بەرفراوانی هەیە. لە یاسای ئاساییدا هەمان**

---

**(1) محەمەد ئەمجەد، سیاسەت و حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێڕانی سەلاح میهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣١.**

**(2) کۆمەڵێک نوسەر، دەربارەی ئەمریکا – دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرنج و ڕاڤەکاریی، وەرگێڕانی حەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.**

**(3) هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.**

**(4) Kashif Ashfaq, and the others, Foundation of American Federalism: An Analysis of its Strengths, Global Pakistan Studies Research Review (GPSRR), Vol. (5), No. (1), 2022, P. P. 50 - 51.**

**(5) United States Senate, About the Senate and the Constitution, United States Senate, https://www.senate.gov/about/origins-foundations/senate-and-constitution.htm , Accessed (1/5/2025).**

**(6) Kashif Ashfaq, and the others, Foundation of American Federalism: An Analysis of its Strengths, ibid., P. 50.**

دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانی هەیە، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەنجومەنی نوێنەران تاکە شوێنێکە کە دەتوانێت پڕۆژە یاسای بودجەی لێیەوە بێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەنجومەنی پیران دەتوانێت چەندین جار پڕۆژە یاسای بودجە هەموار بکاتەوە. هەروەها، ئەنجومەنی پیران ئامۆژگاری و هاوکاری سەرۆکی ئەمریکا دەکات لە ئەنجامدانی ئەرکی جێبەجێکردن. ئەنجومەنی پیران دەسەڵاتی پەسەندکردن و ڕەزامەندیدانی هەیە لەسەر پۆستە باڵاکانی وەکو ئەفسەر و دیپلۆماتکارەکان، ئەو پەیماننامانەی کە سەرۆکی ئەمریکا دەیبەستێت پێویستی بە پەسەندکردنی ئەنجومەنی پیرانە، ئەنجومەنی پیران دەتوانێت لێپێچینەوە لە سەرۆک، جێگر و ئەفسەرەکان بکات و ئەگەر لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا هیچ کاندیدێک زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنا ئەوا ئەنجومەنی پیران دەسەڵاتی هەیە جێگری سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێرێ و ئەنجومەنی نوێنەران سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێرێت(1).

سەرەڕای ئەمانەش، کۆنگرێسی ئەمریکا چەندین لێژنەی هەمیشەیی و لاوەکی هەیە. ئەنجومەنی نوێنەران ١٩ لێژنەی هەمیشەیی هەیە و ئەنجومەنی پیران ١٦ لیژنەی هەمیشەیی هەیە. هەروەها بەگشتی کۆنگرێس واتا هەردوو ئەنجومەنەکە زیاتر لە ٢٠٠ لێژنەی لاوەکی هەیە. لێژنە هەمیشەیی و لاوەکییەکانی کۆنگریس بۆ تەواوکردنی کاری پرۆژە یاساکان هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ گروپە هاوبەرژەوەندییەکان و پسپۆڕان دەکەن و هەروەها ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتەکان و دامەزراوە حکومییە پەیوەندیدارەکانیش دەکەن. ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە ئامادەکراوە لەلایەن هەریەک لەو لێژنانە ڕەوانەی هەردووک ئەنجومەن دەکرێت بۆ دەنگدان لەسەریان(2).

بە گشتی، لەگەڵ ئەوەی هەردوو ئەنجومەن دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، بەڵام دەکرێت بگوترێت پاڵپشت بە دەسەڵاتەکانیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەنجومەنی پیران کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە بەراورد بە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١.

### ٣. کاریگەرییەکانی کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

لە ڕێگەی دەسەڵات و میکانیزمە دەستورییە جیاوازەکانەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا کاریگەری و ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لێرەدا ئەم توێژینەوەیە چەند بابەت و نمونەیەکی جیاواز دەخاتەڕوو لەسەر کاریگەرییەکانی کۆنگرێس لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

کۆنگرێس لە زۆر لایەنەوە کاریگەری بەرچاوی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. بۆ نمونە، بەپێی دەستوور کۆنگرێس دەتوانێت لە بابەتی سیاسەتی دەرەوە فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن. کۆنگرێس دەسەڵاتی تەرخانکردنی بودجە و پارەی بۆ هێزە سەربازییەکان هەیە. کۆنگرێس دەسەڵاتی دیاریکردنی پەیوەندی ئابووری و ڕێکخستنی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە هەیە. کۆنگرێس دەتوانێت پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان پەسەند بکات. هەروەها کۆنگرێس دەسەڵاتی لەسەر دانان و پەسەندکردنی باڵیۆزەکان، کۆنسوڵەکان و کارمەندانی بواری دەرەکی هەیە(3).

لەگەڵ ئەمانەدا، کۆنگرێسی ئەمریکا چەندین ئامرازی یاسایی بەکاردەهێنێت بۆ کاریگەری خستنە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. بۆ نمونە، ئەندامانی کۆنگرێس دەتوانن دەسەڵاتی چاودێری بەکاربهێنن بۆ کاریگەریکردنە سەر

(1) Ibid., P. 51.

(2) محەمەد ئەمجەد، سیاسەت و حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێڕانی سەلاح میهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٤٦ - ٢٤٧.

(3) Dr. Nawzad Abdullah Shukri, The impact of Domestic factors on U.S. Foreign Policy, ibid., p. 41.

سیاسەتی ئەمریکا بەگشتی و سیاسەتی دەرەوە بەتایبەتی، یاسا و بەیاننامەی سیاسی دەربکەن، ئامۆژگاری بە دەستەی جێبەجێکاری سیاسەتی دەرەوە پێشکەش بکەن، پشتگیری و گواستنەوە و هەندێک دەستێوەردانی سەربازی بکەن. هەروەها ئەندامانی کۆنگرێس دەتوانن ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمریکا سنووردار بکەن، هاوکاری لەگەڵ هاوبەشە بیانییەکان زیادبکەن و فەرمان بکەن کە سەرۆک سزای توند لە دژی نەیارانی ئەمریکا جێبەجێ بکات(1). کەواتە لە ڕێگەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانییەوە کۆنگرێس دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

کۆنگرێس دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و ڕۆڵی هەبێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕێگای تاوانبارکردنی سەرۆک کۆمار یان کاربەداستانی دیکەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە کاتێکدا کە تاوانێکیان ئەنجامدابێت، وەک ناپاکی یان بەرتیل خواردن. لە بەشی چوارەمی مادەی دووەمی دەستوری ئەمریکا هاتووە، ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێت سەرۆک و جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا و گشت فەرمانبەرانی ئەمریکا لەکار بخات بە تۆمەتی ناپاکی، تاوان، بەرتیل خواردن یان بەهەر تۆمەتێکی دیکەی مەترسیدار تۆمەتبار و تاوانبارکردن(2). کۆنگرێس مافی دادگایی یان "impeachment"، واتا دادگای پەرلەمانی یان لێپێچینەوە لە پۆستەکەی، و دوورخستنەوەی سەرۆک کۆماری ئەمریکای لە پۆستەکەی هەیە. ئەنجومەنی نوێنەران بە زۆرینەی سادە یان ڕەهای دەنگی ئەندامەکانی بڕیاری تۆمەتبارکردنی سەرۆک کۆمار دەردەکات و ئەنجومەنی پیران بە دەنگی زۆرینەی دوو لەسەر سێ (٦٧ لە کۆی ١٠٠ دەنگ)ی ئەندامەکانی بڕیار لەسەر سزاکەی دەدات. لە دەرکردنی بڕیاری سزای سەرۆک کۆمار، سەرۆکی دادگای باڵا سەرۆکایەتی دانیشتنەکان یاخود تۆمەتبارکردن و دادگایی کردنی سەرۆک کۆمار دەکات(3).

سەرەڕای ئەمەش، سەرجەم چالاکییەکانی دەوڵەتان پێویستییان بە سەرچاوەی دارایی هەیە، بۆیە کۆنترۆڵ کردنی بودجەی دەوڵەت گرنگە. لە ئەمریکا کۆنگرێس کۆنترۆڵی بودجەی فیدراڵی دەکات. بەهۆی ئەوەی کۆنترۆڵی سەرچاوە داراییەکان لە دەسەڵاتی کۆنگرێسە، بۆیە هێزێکی بێهاوتا بە کۆنگرێس دەدات. کۆنگریس تەنیا دامەزراوەیەکە کە کۆنترۆڵی دارایی دەوڵەتی لە دەستە. بەپێی بڕگە ٨ی بەشی یەکەمی دەستوری ئەمریکا تەنها کۆنگرێس مافی دانانی باج و باجە گومرگییەکانی هەیە. هەروەها بەپێی دەستور تەنها کۆنگرێس مافی هەڵگرتنی دارایی لە خەزێنە بۆ دابینکردنی خەرجی دەوڵەت هەیە. ئەم بنەمایە وا لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەکات بۆ دابینکردنی تێچوە ناوخۆیی و دەرەکییەکان پشت بە کۆنگرێس ببەستێت. بەمەش کۆنگرێس دەتوانێت پێش بەو بەرنامانەی سەرۆک کۆمار بگرێت کە لەگەڵی هاوڕا نەبێت(4).

کۆنگرێس چاودێری سیاسەتی دەرەوە و کردەوە سەربازییەکانی ئەمریکا دەکات و لێکۆڵینەوە لەمبارەوە ئەنجام دەدات. ئەم چاودێریکردنەی کۆنگرێس دڵنیای دەدات لەوەی کە بڕیارەکانی جێبەجێکردن دروستە، شەفافە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدایە. لێژنەکانی کۆنگرێس وەک لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لێژنەی خزمەتگوزارییە چەکدارەکان، لێژنەی کاروباری یاسایی ڕۆڵی جەوهەری دەگێڕن لە وردبینیکردنی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا پەیوەست بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەستووری ئەمریکا دەسەڵاتی بە کۆنگرێس داوە سەرپەرشتی و چاودێری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بکات

(1) Christopher M. Blanchard, Congress and the Middle East, 2011-2020: Selected Case Studies, Congressional Research Service, R46796, 2021, p: 1.

(2) کۆمەڵێک نوسەر، دەربارەی ئەمریکا – دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرنج و راڤەکاریی، وەرگێڕانی حەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

(3) د. حسان محمد شفيق العاني، الأنظمة السياسية و الدستورية المقارنة، المجلد الأول، دار الثقافة للنشر و التوزيع، المكتبة القانونية، بغداد، العراق، 2009، ص ص 248 – 250.

(4) محەمەد ئەمجەد، سیاسەت و حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێڕانی سەلاح میهرپەروەر، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٣٧ – ٢٣٨.

نەوەکو جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. لەو پێگەیەدا لیژنەکانی کۆنگرێس بەو شێوەیەی کە خۆیان بە گونجاوی دەزانن پرسیار لە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە دەکەن سەبارەت بە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئۆپەراسیۆنەکان و بابەتەکانی دیکە(1).

هەروەها، نووسینگەی کاروباری یاسایی وەزارەتی دەرەوە ئاسانکاری دەکات بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی کاریگەر لە نێوان بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە و ئەندامانی کۆنگرێس و ستافەکانیان. ئەوان لە نزیکەوە کار لەگەڵ لیژنە دەسەڵاتدار و چاودێریکارانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیران دەکەن. تەنانەت ئەوان کار لەگەڵ تاکەکانی ئەندامەکانی کۆنگرێس دەکەن، کە ئارەزووی خۆیان بۆ پرسەکانی وەزارەتی دەرەوە یان سیاسەتی دەرەوە دەردەبڕن. کاروباری یاسادانان یارمەتی بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوە دەدات بۆ ئەوەی لەبەردەم پانێڵەکانی ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی پیران ئیفادە بدەن، کۆبوونەوەی کورت بۆ ئەندامانی کۆنگرێس و ستافەکانیان ڕێکدەخەن، هەروەها گەشتەکانی کۆنگرێس بۆ پۆستەکانی دەرەوەی وڵات ڕێکدەخەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ڕاستەوخۆ. لەگەڵ ئەمانەشدا وەزیری دەرەوە بەرپرسی سەرەکی پەیوەندییەکانی وەزارەتی دەرەوەیە لەگەڵ کۆنگرێس (2). ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کەوا کۆنگرێس چەندین ئامراز بەکار دەهێنێت بۆ چاودێریکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، یەکێک لەو ئامرازانە نووسینگەی کاروباری یاسایی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە.

کۆنگرێس دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگی هەیە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێت سەبارەت بە دەستتێوەردانە سەربازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ یەکێکە لە دەسەڵاتە گرنگەکانی کۆنگرێس. دەستوری ئەمریکا لە ماددەی یەکەم لە بڕگە ٨ دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی شەڕی داوەتە کۆنگرێس. دەستوری ئەمریکی بە ڕاشکاوی و وەکو یەکەمین دەستوری نووسراو ئەم دەسەڵاتەی داوەتە دەسەڵاتی یاسادانانی دەوڵەتەکەی. لە کۆنگرەی دەستوری ساڵی ١٧٨٧ لە شاری فیلادلفیای ویلایەتی پنسلڤانیا ئەم دەسەڵاتە بۆ کۆنگرێس یەکلایی کراوەتەوە. ئەمەش بەو مەبەستە بوو کە ڕێگا لە قۆرخکردنی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی بگیرێت لە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێز بە شێوەیەکی تاک لایەنانە. لەگەڵ ئەوەی ڕاگەیاندنی جەنگ لە دەسەڵاتی کۆنگرێسە، بەڵام لە کاتی دامەزراندنی کۆنگرێسەوە تاوەکو ئێستا تەنها چەند جارێک جەنگی ڕاگەیاندووە. وەکو جەنگی ناوخۆیی ١٨٦١_١٨٦٥، جەنگی ئەمریکا و مەکسیک لە ساڵی ١٨٤٨، جەنگی ئەمریکا و ئیسپانیا لە ساڵی ١٨٨٩، جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩١٤ و جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٩. ئەمە لە کاتێکدایە ئەمریکا لە جیهانی دەرەوە نزیکەی ٢٠٠ جەنگ، دەستتێوەردان و هێرشی کردۆتە سەر دەوڵەت و گرووپەکانی دەرەوە. هەموو ئەو جەنگ و دەستتێوەردانانەی کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکا لە جیهانی دەرەوە کردویەتی لە ژێر ناو و ناونیشانی جیاجیا کردوویەتی، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرێس و وەک جەنگ هەژمار نەکرێت(3).

هەروەها، بڕیارنامەی دەسەڵاتەکانی جەنگ لە ساڵی ١٩٧٣ هەوڵدەدات توانای سەرۆک بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە سەربازییەکان بەبێ ڕەزامەندی کۆنگرێس سنووردار بکات. بە پێی بڕیارنامەی دەسەڵاتەکانی جەنگ کە بە ژمارە ٩٣ – ١٤٨ لە ١١ی تەموزی ١٩٧٣ دەرچووە. بڕیارنامەی دەسەڵاتەکانی جەنگ داوا دەکات سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە هەموو بارودۆخێک پێویستە ڕاوێژ لەگەڵ کۆنگرێس بکات پێش ئەوەی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بخاتە ناو شەڕەکانەوە. لە

(1) National Museum of American Diplomacy, How does the Department of State interact with Congress?, National Museum of American Diplomacy, https://diplomacy.state.gov/how-does-the-department-of-state-interact-with-congress/ , Accessed (27/10/2024).

(2) Ibid., Accessed (27/10/2024).

(3) د. شەماڵ حسین، سیاسەتی دەرەکی، لەگەڵ چەند نمونەیەک لە سیاسەتی دەرەکی (ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران، تورکیا)، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٢٩ – ٣٣٠.

بارودۆخی شەڕێکی لەناکاو و لە غیابی ڕاگەیاندنی شەڕ لەلایەن کۆنگرێسەوە، هەروەها ئەگەر پێویست بێت هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا بخرێنە ناو شەڕەوە، ئەوا بەپێی ئەم یاسایە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێردا پێویستە سەرۆک کۆمار بە نووسراو سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی ئەنجومەنی پیران ئاگادار بکاتەوە، لەگەڵ باسێکی تەواو لەو بارودۆخەی کە ئەو شەڕەی دەستپێکردووە(1).

کۆنگرێسی ئەمریکا کاریگەری لەسەر شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسەین هەبوو. بەپێی دەستووری ئەمریکا کۆنگرێس مافی ڕاگەیاندنی شەڕی هەیە و دەستور دەسەڵاتی بە کۆنگرێسی ئەمریکا داوە وەکو تاکە لایەن مافی ڕاگەیاندنی شەڕی هەبێت(2). دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، جۆرج دەبلیو بوش، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٢ سەدام حوسەینی سەرۆکی عێراقی بە بەشداریکردن لە هێرشە تیرۆرستیەکانی ١١ی سێپتەمبەر تۆمەتبارکرد. بۆیە بابەتی گۆڕینی ڕژێمی عێراق لە ڕێگای سەربازییەوە کەوتە ئەجێندای دەوڵەتی ئەمریکا. بەمەش کۆنگرێسی ئەمریکا لە ١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢ بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە دژی ڕژێمی سەدام حوسەین پەسەندکرد. لە ئەنجامدا لە ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٣، ئەمریکا شەڕی لە دژی ڕژێمی عێراق ڕاگەیاند و لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣ شەڕەکە دەستی پێکرد(3).

کەواتە سەرەڕای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئەمریکا، هەماهەنگی و چاودێری لە نێوان دەسەڵاتەکان هەیە. هەر ئەمەش وای کردووە کۆنگرێس کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت، بۆنموونە، کۆنگرێس بوودجە و دارایی دەوڵەتی لە دەستە، کۆنگرێس دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ، دابینکردنی بوودجە بۆ جەنگ و چاودێریکردنی جەنگی هەیە.

هەروەها، کۆنگرێس مافی تەرخانکردنی بودجەی هەیە بۆ هاوکاری دەرەکی. ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی دەبێت لەسەر ئەوەی کە چۆن و بە کێ هاوکاری دەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشکەش دەکرێت. دەتوانرێت پاکێجی یارمەتییەکان مەرجدار بکرێت، ئەمەش دەوڵەتان هاندەدات کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هاوتەریب بن، وەک پابەندبوون بە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ، شەڕی دژی تیرۆر و کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمی. بۆ نمونە، ڕۆڵی کۆنگرێسی ئەمریکی لە یارمەتیدانی ئیسرائیل لە ڕێگای ئەو بڕیارانەی کە دەریکردووە.

کۆنگرێسی ئەمریکی دەسەڵات و ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە یارمەتیدانی ئیسرائیل لە ڕێگای ئەو بڕیارانەی کە دەریکردووە. ئەمریکا و ئیسرائیل پەیوەندییە دووقۆڵییە بەهێزەکانیان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک هۆکار پاراستووە، لەوانە ئامانجی ستراتیژی هاوبەش لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پشتیوانییەکی بەهێزی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل و ئاسایشەکەی، پابەندبوونی هەردوو لایەن بە بەها دیموکراسیەکان و پەیوەندییە مێژووییەکان کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ پشتگیرییەکانی ئەمریکا بۆ دروستکردنی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨. یارمەتییە دەرەکییەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل پێکهاتەیەکی سەرەکی بووە لە چەسپاندن و بەهێزکردنی پەیوەندی نێوانیان. بەرپرسانی ئەمریکا و زۆرێک لە یاسادانەرانی کۆنگرێس لە مێژە ئیسرائیل بە هاوبەشێکی گرنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێن، و پاکێجە یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل ڕەنگدانەوەی ئەم حیساباتە بوون. لەلایەک، هەندێک لە هاووڵاتیانی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٤٨ەوە کاریان کردووە بۆ چاندنی پشتیوانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل. لە لایەکی دیکە، داکۆکیکارانی ئیسرائیل بەشدارییان لە هەوڵە

---

(1) Congress . gov, H.J.Res.542 - Joint resolution concerning the war powers of Congress and the President., Congress . gov, https://www.congress.gov/bill/93rd-congress/house-joint-resolution/542 , Accessed (30/1/2025).

(2) United States Senate, About Declarations of War by Congress, United States Senate, https://www.senate.gov/about/powers-procedures/declarations-of-war.htm , Accessed (11/9/2025).

(3) وریا ڕەحمانی، مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

**ناوخۆییەکان، ڕێکخراو و بنکە فراوانەکانی ئەمریکا کردووە بۆ پەروەردەکردنی پشتیوانی کۆنگرێس بۆ پەیوەندییە دووقۆڵییەکان و بەتایبەتی یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل. لە ١٩٤٦ تاوەکو ٢٠٢٠، ئەمریکا زیاتر لە ١٤٦ ملیار دۆلاری ئەمریکی هاوکاری دارایی و سەربازی پێشکەش بە ئیسرائیل کردووە. هەروەها، لە ساڵی ٢٠٢١، ئەمریکا بە بڕی سێ ملیار و هەشت سەد هەزار دۆلاری ئەمریکی هاوکاری دارایی و سەربازی پێشکەش بە ئیسرائیل کردووە (1).**

**لە سەردەمی ئیدارەی بیل کلینتۆن و بە ڕەزامەندی کۆنگرێس یەکەم یاداشتنامەی 10 ساڵە لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل ڕێکەوتنی لەسەر کرا، کە ماوەکەی بریتیبوو لە ساڵی دارایی 1999 تاوەکو ساڵی دارایی 2008. بەپێی ئەم ڕێکەوتنە ئەمریکا پابەند بوو بە دابینکردن و بەخشینی لانیکەم 26.7 ملیار دۆلار بە ئیسرائیل بە کۆی گشتی یارمەتی ئابووری و سەربازی. بەر لە کۆتایی هاتنی یاداشتنامەی یەکەم، لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئیدارەی جۆرج بوش و حکومەتی ئیسرائیل ڕێککەوتن لەسەر یاداشتنامەی دووەم، کە پێکهاتبوو لە پاکێجێکی یارمەتی سەربازی بە بڕی ٣٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە ساڵی دارایی ٢٠٠٩ تا ساڵی دارایی ٢٠١٨. هەروەها، لە 14ی ئەیلولی 2016، بە مەرجی تەرخانکردنی کۆنگرێس، لە مەراسیمێکی واژۆکردندا لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، نوێنەرانی حکومەتی ئەمریکا و ئیسرائیل یاداشتنامەیەکی دیکەی 10 ساڵەیان واژۆکرد سەبارەت بە یارمەتییە سەربازییەکان بۆ ئیسرائیل کە لە ساڵی دارایی 2019 تا ساڵی دارایی 2028 دەگرێتەوە. بەپێی مەرجەکانی یاداشتنامەی سێیەم، ئەمریکا بەڵێن دەدات ٣٨ ملیار دۆلار وەک یارمەتی سەربازی پێشکەش بە ئیسرائیل بکات. کۆنگرێس دەتوانێت ئاستی هاوکاری بۆ ئیسرائیل ساڵ بە ساڵ قبوڵ بکات، بیگۆڕێت یان تەرخانکردنی تەواوکەر پێشکەش بکات. سەرەڕای ئەوەش، کۆنگرێس تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتییە دەرەکییەکانی بۆ ئیسرائیل تەرخان کردووە بەپێی مەرجەکانی ئەو یاداشتنامانەی کە لەو کاتەدا هەبووە (2).**

**لەگەڵ هاوکارییە دارایی و ئابوورییەکان بۆ ئیسرائیل، کۆنگرێسی ئەمریکی دەسەڵاتی هەیە لەسەر زیادکردنی یەدەگی پارە بۆ ئیسرائیل. لە ساڵی ٢٠٠٦، کۆنگرێس دەنگیدا بە زیادکردنی یەدەگی پارە لە نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ٤٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ئیسرائیل. ئەم سیاسەتەی کۆنگرێس بۆ بەرەوپێشبردنی تواناکانی وەزارەتی بەرگرییە بۆ خێرا وەڵام دانەوەی هەر کێشەیەک کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست ببێت، پێدان و زیادکردنی ئەم یەدەگی پارەیە لە ئیسرائیل دەبێت. هەروەها لەگەڵ یەدەگی هاوکاری دارایی، بەشێک لە کەلوپەلی سەربازی ئەمریکا لە ئیسرائیل عەمبار دەکرێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی لەناکاو لە ناوچەکەدا. هەندێک جار بەشێک لەم یەدەگی پارە و عەمبارکراوانەی چەکی ئەمریکی بەکار دەهێندرێت لە لایەن ئیسرائیلەوە لە بارودۆخ و باری لە ناکاو. لە کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦، دەزگای هەواڵی ئیسرائیلی، ینێت نیوز، سەر بە ڕۆژنامەی ئیسرائیلی، یادیوث ئەعرەنوت، ئاماژەی بەوەدا کە "بەشێکی گەورەی ئەو کەلوپەلە عەمبارکراوانەی ئەمریکا لە ئیسرائیل... بەکارهێنراون بۆ جەنگ لە هاوینی ٢٠٠٦دا لە جەنگی لوبنان" (3).**

**تاوەکو ئێستا ئیسرائیل یەکەم هاوبەش و بەکارهێنەری نێودەوڵەتی فڕۆکەی جەنگی هێرشبەری ئێف-٣٥ (F-35)ی ئەمریکییە. ئەم جۆرە فڕۆکەیە، فڕۆکەیەکی دزێوی نەوەی پێنجەمی وەزارەتی بەرگری ئەمریکییە و بە پێشکەوتووترین فڕۆکەی جەنگی لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە دادەنرێت کە تا ئێستا دروستکراوە. لە ماوەی ڕابردوودا، ئیسرائیل 50 فڕۆکەی ئێف-35ی بە سێ گرێبەستی جیاواز لە ئەمریکا کڕیوە، کە بە هاوکاری ئەمریکا پارەی بۆ دابینکراوە (4). لەگەڵ ئەوەی شێوازی هاوکارییە ئابووری یان داراییەکان بۆ ئیسرائیل گرنگ بوو و تا ئێستاش بایەخیان لە دەست نەداوە، بەڵام لە ئێستادا**

---

**(1) Jeremy M. Sharp, U.S. Foreign Aid to Israel, Congressional Research Service, RL33222 · VERSION (49) · UPDATED, 2023, P. 1.**

**(2) Ibid, P. P. 7 - 8.**

**(3) جۆن مێرشهایمەر، ستیفن وۆڵت، جەنگی عەقڵ لۆبی ئیسرائیل و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەرگێڕانی سیروان حسێن بیەیی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ل ل ٦٩ – ٧٠.**

**(4) Jeremy M. Sharp, U.S. Foreign Aid to Israel, Ibid, P. 12.**

زۆربەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەیە کە باڵا دەستی سەربازی ئیسرائیل بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بێت. ئیسرائیل نەک تەنها سوود دەبینێت و دەستی بە پێشکەوتووترین چەکەکانی ئەمریکا دەگات، وەکو فڕۆکەی ئێف-١٥ و ئێف-١٦، هەلیکۆپتەری بلاکهۆک، بۆمبی زیرەک و چەکی هێشوویی، بەڵکو ئێستا دەتوانێت سود لە دامەزراوەکانی بەرگری و هەواڵگری ئەمریکاش وەربگرێت و هێزە سەربازییەکانی ئیسرائیل بگوازرێنەوە بۆ پێشکەوتووترین سەربازیگەلی تەکنەلۆژی ئەمریکا لە جیهان بە مەبەستی سود وەرگرتنیان. هەروەها، ئیسرائیل پارەیەکی بێ ئەندازە، لە هاوکارییە سەربازییەکانی ئەمریکا، بە ئارەزووی خۆی خەرج دەکات (1). کەواتە، کۆنگرێس ڕۆڵی هەیە لە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی هاوبەش و هاوپەیمانەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ نموونە ئیسرائیل لەم ڕێگەیەوە چەندین یارمەتی دارایی و سەربازی ئەمریکای وەرگرتووە.

ڕۆڵی کۆنگرێسی ئەمریکی لە پاڵپشتیکردن و فرۆشتنی چەک بە دەوڵەتانی عەرەبی، و ڕێگریکرن لە پێدانی چەکی پێشکەوتووی وەکو فڕۆکەی ئێف-٣٥ بەو دەوڵەتانە و بەتایبەتی بە سعودیا و ئیمارات.

فرۆشتنی چەک ئامرازێکی گرنگە کە دەوڵەتان دەتوانن بەکاری بهێنن بۆ کاریگەری خستنە سەر دەوڵەتانی دیکە. فرۆشتنی چەک لە مێژووی ئەمریکادا یەکێک بووە لە ئامرازە گرنگەکانی کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ کاریگەریکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(2). کۆنگرێسی ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە داڕشتنی سیاسەتی فرۆشتنی چەک بۆ دەوڵەتە عەرەبییەکان، بەتایبەتی سیستەمی چەکی پێشکەوتوو. ئەم ڕۆڵەی کۆنگرێس لە ڕێگەی دەسەڵاتی یاسایی، چاودێری یاسایی، بەپێی یاسای کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردنی چەک و سەپاندنی مەرجەکانی گواستنەوەی چەک بەڕێوەدەچێت. یاسادانەران لە کۆنگرێسی ئەمریکی زۆرجار لە وەڵامی فرۆشتنی چەک بە دەوڵەتانی عەرەبی لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکاوە بڕیارنامەی هاوبەشی پەسەندکراویان خستووەتەڕوو. ئەم میکانیزمە کە لە یاسای کۆنترۆڵکردنی هەناردەکردنی چەکدا (Arms Export Control Act) هاتووە، ڕێگە بە کۆنگرێس دەدات لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ڕێگری لە فرۆشتنی چەکی گەورە بکات. لەگەڵ ئەمەشدا، سەرۆک کۆمار کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە دەتوانێت ڤیتۆی ئەم بڕیارانەی کۆنگرێس بکات(3).

بە هەموو پێوەرێک، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی سەرەکییە لە بازرگانی جیهانی چەکدا. لە نێوان ساڵانی ٢٠١٥ تاوەکو ٢٠١٩، داتاکانی فرۆشتنی چەک دەریدەخەن کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کڕین و بازرگانی چەک بە نزیکە ٣٥%ی بازرگانی چەکی جیهانی پێکهێناوە. هەروەها، لە نێوان ساڵانی 2000 تاوەکو 2019، هەروەک لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو، ئەمریکا نزیکەی 45%ی ئەو چەکانەی دابینکردووە کە لەلایەن دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاوردە دەکرێن. ئەم بڕەش زۆر زیاترە لە هاوردەکردنی چەکی ڕووسی بە بڕی ٣.١٩٪ و چەکی فەرەنسی بەبڕی 11.4% لە لایەن دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە(4). فرۆشتن و هەناردەکردنی ئەم چەک و کەلوپەلە سەربازیانەی ئەمریکا بە ڕەزامەندی و ڕێگەپێدانی کۆنگرێسی ئەمریکی بووە.

---

(1) جۆن مێرشهایمەر، ستیفن وۆڵت، جەنگی عەقڵ لۆبی ئیسرائیل و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەرگێڕانی سیروان حسێن بیەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٧.

(2) Clayton Thomas, & the others, Arms Sales in the Middle East: Trends and Analytical Perspectives for U.S. Policy, Congressional Research Service R44984 · VERSION (7)· UPDATED, 2020, P. 1.

(3) John Ramming Chappell, Analysis | U.S. arms sales to Saudi Arabia send a message of impunity — Congress should step in, Aug 5, 2022, Medium, https://shorturl.at/1mzq2 , Accessed (21/4/2025).

(4) Clayton Thomas, & the others, Arms Sales in the Middle East: Trends and Analytical Perspectives for U.S. Policy, ibid, P. P. 1 - 2.

| ئەو دەوڵەتانەی چەکیان فرۆشتووە | ڕێژەی هاوردەکردنی چەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست |
|---|---|
| ئەمریکا | ٪٤٥ |
| رووسیا | ٪١٩.٣ |
| فەرەنسا | ٪٤.١١ |

خشتەی ژمارە (١): ڕێژەی هاوردەکردنی چەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی 2000 تاوەکو 2019

پەیوەست بە فرۆشتن و ڕێگریکرنی کۆنگرێس لە پێدانی چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی وەکو فرۆکەی ئێف-٣٥ بە دەوڵەتانی وەکو سعودیا و ئیمارات. هەر یەک لە سعودیا و ئیمارات هەوڵی هەمەچەشن کردنی توانا سەربازییەکانیان دەدەن، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەن سود لە توانا سەبازییە پێشکەوتووەکانی ئەمریکا وەربگرن. بەمەبەستی کڕین و هاوبەشیکردنی تەکنەلۆژیای هەستیاری سەربازی ئەمریکا، هەریەک لە سعودیا و ئیمارات هەوڵی بەدەست هێنانی سیستەمی بەرگری و چەکی پێشکەوتووی ئەمریکی وەکو فڕۆکەی جەنگی ئێف-٣٥ دەدەن. لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٠، چەند مانگێک دوای ئەوەی ئیسرائیل و ئیمارات ڕێککەوتنیان بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانیان ڕاگەیاند، کە ڕێککەوتننامەی ئیبراهیم یاخود ئەبراهام بوو، دۆناڵد ترەمپ کۆنگرێسی ئاگادارکردەوە کە بە نیازە ڕێژەی ٥٠ فڕۆکەی جەنگی ئێف-٣٥ بە ئیمارات بفرۆشێت، لەگەڵ پێدانی تەقەمەنی بە بەهای ١٠ ملیار دۆلار بەو دەوڵەتە(1).

لە بەرامبەر ئەمەدا، کۆنگرێسی ئەمریکی دوودڵ و ڕێگرە لە پێدانی چەکی پێشکەوتوو و فڕۆکەی جەنگی ئێف-٣٥ لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکاوە بە هەر یەک لە سعودیا و ئیمارات. چەندین پرس و هۆکار وایکردووە کۆنگرێس ئامادە نەبێت فرۆشتنی فڕۆکەی جەنگی ئێف-٣٥ بەم دەوڵەتانە پەسەند بکات، لەمانەش بەهۆی کەوتنە مەترسی ئاسایشی نیشتیمانی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە هۆی ئەوەی ئەم دوو دەوڵەتە نزیکن لە سنورەکانی ئیسرائیل و کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناکرێت چەکی پێشکەوتوو یاخود هاوشێوەیان هەبێت لەگەڵ ئیسرائیل، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەم دەوڵەتانەوە و گواستنەوە و دەستکەوتنی ئەو چەکانە لە لایەن دەوڵەت و گروپەکانی دیکەی ناوچەکە لە ڕێگای هەر یەک لە سعودیا و ئیمارات(2). کەواتە، بەهۆی ئەوەی فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە دەوڵەتان پێویستی بە ڕەزامەندی کۆنگرێسە، کۆنگرێس لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت کاریگەری بەرچاوی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت.

لەگەڵ دابینکردنی بودجە بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمریکا لەلایەن کۆنگرێسەوە، کۆنگرێس دەتوانێت بودجە بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ڕابگرێت. بەمەش کۆنگرێس کاریگەری لەسەر ماوە و مەودای بەشداریکردن و دەستتێوەردانە سەربازییەکانی ئەمریکا دەبێت لە دەرەوەی سنورەکانی.

بۆ نمونە، تێچووی زۆری ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١١ و هەستکردن بە سنووردارکردنی بودجەی ناوخۆیی ئەمریکا وایکرد ئەندامانی کۆنگرێس بە وردی داواکارییەکانیان دەربارەی بودجە ئاراستەی ئیدارەی ئەمریکا بکەن. سەرەڕای ئەوەش ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١ تا ٢٠٢٠ زیاتر لە ٨٥ ملیار دۆلاری تەرخانکردووە بۆ پشتگیریکردن لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی سەربازی بیانی بۆ حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پاراستنی مافی مرۆڤ و یارمەتی دیکە(3). ئەمە ئەوە نیشاندەدات کۆنگرێس

(1) Ibid, P. P. 22 – 26.

(2) Ibid, P. 1.

(3) Christopher M. Blanchard, Congress and the Middle East, 2011-2020: Selected Case Studies, Congressional Research Service, ibid., p: 1.

ئەمریکی کاریگەری لەسەر ئیدارە و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە لە بابەتی بودجە و تەرخانکردنی دارایی، بەڵام بەهۆی گرنگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا و جیبەجێکردنی ستراتیژیەتی ئەمریکا لەم ناوچەیە پێویستی بە تەرخانکردنی بودجە هەیە بۆ بەردەوامی ئەمریکا لەم ناوچەیە.

دوای هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام یاخود داعش بۆ سوریا و عێراق، کۆکردنەوە و ڕاکێشانی هەزاران کەس بۆ ناو ڕێکخراوەکە و ئەو مەترسیانەی کە گروپەکە دروستی کرد بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، وایکرد ئیدارەی باراک ئۆباما لە ساڵی ٢٠١٤دا پێشنیار بکات بۆ دەستتێوەردان و شەڕ لە دژی داعش. هەروەها کۆنگرێس پێشنیارەکە قبوڵبکات و ڕێگە بە شەڕ بدات لە دژی داعش لە ڕێگای دانانی دوو بەرنامەی تایبەتەوە. بەرنامەکان بریتیبوون لە ڕاهێنان و بەهێزکردنی هێزە ناوخۆییەکانی سوریا و عێراق و دابینکردنی بودجە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی ئیسلامی. لە بەرنامەی سوریا ئەمریکا لە سەرەتاوە هەوڵیدا هێزی نوێی نادەوڵەتی، وەک هێزی کوردی، وەربگرێت و ڕایبهێنێت و ئامێری سەربازیان پێبدات. دواتر ئەمە پەرەی سەند و بوو بە بەرنامەیەکی ڕاهێنان و هاوکاری بۆ هێزە چەکدارەکان و ئەمریکا هەندێک جار ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان لەگەڵ ئەنجام بدات. لە بەرنامەی عێراق بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق واتا هێزی عێراقی و هێزی هەرێمی کوردستان کاریان کردووە. زۆرجار هێزی کوردستانی یاخود پێشمەرگە و هێزە عێراقییەکان بەشداری ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانیان لەگەڵ ئەمریکادا کردووە(1).

ڕێنمایی و جیبەجێکردنی هەردوو بەرنامەکە، لە سوریا و عێراق، بڕیارەکانی جێبەجێکردن و کۆنگرێسی ئەمریکی بوو کە هێزە چەکدارەکانی ئەمریکا ناتوانن بە شێوەیەکی تاکلایەنە و تێچووی زۆر ئاسایشی ناوچەکە بە بەردەوام بپارێزێت. بۆیە پێویستە پشتگیری لەئەکتەرە ناوخۆییەکان بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بەرپرسیارێتی سەرەکی لە شکست پێهێنانی داعش و دەستەبەرکردنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە لە ئەستۆ بگرن. ئەم بەرنامانە یارمەتیدەر بوون بۆ شکاندنی داعش لە سوریا و عێراق بە کەمترین بەشداریکردنی هێزە زەمینییەکانی ئەمریکا و تێچووی ماددی، بە بەراورد بە ئۆپەراسیۆنەکانی ڕابردوو لە ئەفغانستان و عێراق. ئەندامانی کۆنگرێس ناوەڕۆک، ماوە، تێچوون و مەرجی هەر بەرنامەیەکیان لە پێش و لە کاتی جێبەجێکردنیان لەبەرچاو گرتبوو(2).

هەروەها، وەک بەشێک لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە، کۆنگرێس دەتوانێت سزای ئابووری بەسەر دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت. ئەم سزایانە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، بازرگانی و یارمەتییە سەربازییەکان. دەستپێشخەرییە یاساییەکانی کۆنگرێس دەتوانێت پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا بەرەوپێش ببات یاخود گفتوگۆ و دیپلۆماسییەت لەگەڵ دەوڵەتان سنووردار بکات، ئەمەش لەسەر بنەمای ڕەفتارەی دەوڵەتان سەبارەت بە تیرۆر، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی یان مافەکانی مرۆڤ.

لە دەیەکانی ڕابردوودا، سزا ئابوورییەکان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنراون و ئامرازێکی پەسەندکراوی زلهێزانی جیهانبووە بۆ زۆرەملێی ناسەربازی. لە دوای ڕاگایاندنی جەنگی دژی تیرۆر ئەمریکا ناوەندی ئەم ڕەوتە بووە، چونکە لە نزیکەی نیوەی سزا دوولایەنەکاندا ئەمریکا دەوڵەتی سزادانی سەرەکی بووە. بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی پێشەنگی سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوە و توانای ڤیتۆکردنی یاسادانان، لە دوو دەیەی ڕابردوو یاسادانەران سەرکردایەتی هەوڵە گرنگەکانی سزاکانی ئەمریکایان کردووە بۆ سەر دەوڵەتان. یاسای سزاکانی کۆنگرێس بە بەردەوامی تەحەدای سیاسەتەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەکات و کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. یاسای سزاکان لە دەسەڵاتی یاسادانانە و دەتوانێت دەرئەنجامی نێودەوڵەتی هەبێت. سەرەڕای

(1) Ibid., p: 32.

(2) Ibid., p: 32.

**نارەزایەتییەکانی سەرۆک بەرامبەر بە سزادانی هەندێک لە دەوڵەتان و گروپەکان، لە زۆر حاڵەتدا سەرۆک یاسای سزاکان واژۆ دەکات و جێبەجێی دەکات هەرچەندە بە باشیشی نەزانێت(1).**

**بۆ نمونە، پەیوەست بە ئێران، کۆنگرێسی ئەمریکی چەندین سزای بەرفراوانی بەسەر ئێراندا سەپاند. وەکو، سزا بەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بڵاوکردنەوەی چەک، پشتیوانی لە گروپە چەکدارەکان و تیرۆریستیەکان و سنووردارکردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. کۆنگرێس فشاری خستە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ گرتنەبەری ڕێبازێکی توند لە دانوستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران. هەروەها پێشنیاری یاسایی کرد بۆ ئەوەی دانوستانەکان لە قاڵب بدات لەچوارچێوەی نێودەوڵەتی، لەوانەش سەپاندنی سزای لاوەکی لە کاتی خۆدزینەوەی ئێران لە سزاکان. کۆنگرێس ڕێوشوێنی پێداچوونەوە بە ڕێککەوتنە پەیوەندیدارەکانی نێوان ئەمریکا و ئێرانی بۆ کۆنگرێس دانا(2).**

**ئەمریکا سودی وەرگرتووە لە سزا ئابوورییەکان بۆ چارەسەرکردنی پشتیوانی حکومەتی ئێران لە تیرۆر، ئەو گروپە چەکدارانەی سەر بە ئێرانن لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، پەرەپێدان و بەدەستهێنانی چەک و مووشەک و بەرنامەی ئەتۆمی وپێشینەی خراپی مافی مرۆڤ. کۆنگرێس ڕۆڵێکی سەرەکی و گرنگی بینیوە لە دەرکردن و سەرپەرشتیکردنی سزاکانی پەیوەست بە ئێران. وەک ئامرازێکی سیاسەتی دەرەوە یان ئاسایشی نیشتمانی، بەکارهێنانی سزا ئابوورییەکان یەکێکە لە ئامرازەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن. بە کەڵک وەرگرتن لەو دەسەڵاتانەی کە بەپێی یاسای باری نائاسایی نیشتمانی و یاسای دەسەڵاتە ئابوورییە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان، سەرۆک کۆمار بە پلەی جیاواز دەسەڵاتی زیادکردن و کەمکردنی سزا ئابوورییەکانی هەیە. لەسەر ئەو بنەما یاساییانە دەسەڵات بەسەرۆک کۆماری ئەمریکا دراوە لە سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران. لەگەل ئەوەی کۆنگرێس یاسای گەمارۆکانی پەیوەست بە ئێرانی دەرکرد و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە دەرکردنی سزاکانی پەیوەست بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، لە ساڵی ٢٠٠٦ دانوستانە فرەلایەنەکان لەگەڵ ئیران دەستی پێکرد(3).**

**کۆنگرێس ڕۆڵێکی گرنگ و زۆری هەبوو لە پێش، لە کاتی و لە دوای جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی پلانی گشتگیری کاری هاوبەش *(Joint Comprehensive Plan of Action (JCPOA)). لە ساڵانی پێش دانوستانەکانی JCPOA، کۆنگرێس سزای ئابووری بەرچاوی لە دژی ئێران دەرکرد. ئەم یاسای سزایانە کاریگەری گەورە و زیانێکی زۆریان بە ئابووری ئێران گەیاندووە. شارەزایان پێیانوایە کە سزایە ئابوورییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی ئێران بە ڕێژەی زیاتر لە ٦٠% و سنووردارکردنی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی لە دەرەوەی وڵاتدا کە زیاتر لە ١٢٥ ملیار دۆلارە(4).**

---

**(1) Jordan Tama, Forcing the president's hand: How the US congress shapes foreign policy through sanctions legislation, Foreign Policy Analysis, Vol. (16), No. (3), 2020, P.P. 397 – 398.**

**(2) Christopher M. Blanchard, Congress and the Middle East, 2011-2020: Selected Case Studies, Congressional Research Service, ibid., P. 2.**

**(3) Ibid., p. p. 68 - 69.**

*** بۆ زانیاری زیاتر و خوێندنەوەی دەقی ڕێکەوتننامەی ئەتۆمی نێوان ئێران و دەوڵەتانی ٥+١ (JCPOA) بە زمانی ئینگلیزی بڕوانە سەرچاوەی: Joint Comprehensive Plan of Action, Vienna, 14 July 2015, https://www.europarl.europa.eu/cmsdata/122460/full-text-of-the-iran-nuclear-deal.pdf ، بەرواری سەردان (2025/8/9).**

**(4) Christopher M. Blanchard, Congress and the Middle East, 2011-2020: Selected Case Studies, Congressional Research Service, ibid., p: 70.**

کۆنگرێس ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە کاتی دانوستانە فرەلایەنەکان کە لە ساڵی ٢٠١٣ دەستی پێکرد و لە ساڵی ٢٠١٥ گەیشتە لوتکە. هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرێس هەوڵیان دا پشتگیری لە هەوڵەکانی ئیدارەی ئۆباما بکەن بۆ دانوستان لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران، بەڵام زۆرینەی کۆنگرێس گومانیان هەبوو سەبارەت بە سیاسەتەکانی ئێران و بە ڕاشکاوی دژایەتییان دەربڕی. ئەم زۆرینەیە یاسایەکیان خستەڕوو بۆ دووبارە سەپاندنەوەی سزاکان و پێداچوونەوە بە هەر ڕێککەوتنێک کە لەگەڵ ئێراندا کراوە. ئیدارەی ئەو کاتی ئەمریکا بەردەوام کۆنگرێسی وەک هاوبەشێکی گرینگ دەناساند کە هەوڵەکانی پێشووی لە سزاکان ئامرازێکی زۆر باشبوون لە ناچارکردنی ئێران بۆ دانوستان، بەڵام لە هەمانکاتدا هۆشداریدا لەوەی کە یاسای سزادانی زیادە دەتوانێت دیپلۆماسیەت تێکبدات و ئیمتیازاتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێشێل بکات(1).

کۆنگرێس ڕۆڵی هەبوو لە کۆتایی پێهێنانی ڕێکەوتننامەی JCPOA و دوای ڕێککەوتننامەکە. دۆناڵد ترەمپ نیازی خۆی دەربڕی بۆ کشانەوەی لە ڕێکەوتننامەی JCPOA. هەروەها کۆنگرێس بیری لە گەڕاندنەوەی سزاکان بۆ سەر ئێران کردەوە. لە ٨ی ئایاری ٢٠١٨، ترامپ ڕایگەیاند کە ئەمریکا بەشداریکردنی لە JCPOA ڕادەگرێت. بەڵام پێش بڕیاری ئیدارەی ترەمپ بۆ کشانەوە لە JCPOA، کۆنگرێس چەندین یاسای دەرکرد بۆ سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێراندا. کە بریتین لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی چالاکییە ناسەقامگیرکەرەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠١٧، ڕێوشوێن بۆ سەپاندنی سزا بەسەر ئەو لایەنانەی کە پشتیوانی ماددی پێشکەش بە بەرنامەی مووشەکی بالیستیکی ئێران دەکەن، فەیلەقی سوپای پاسدارانی ئێران و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە عێراق. دوای ئەوەی لە تشرینی دووەمی ٢٠١٨ هەموو سزاکانی سەر ئێران دووبارە سەپێنرانەوە، ئیدارەی ترەمپ بەردەوام بوو لە سەپاندنی سزای زیاتر بەسەر ئێراندا. هەندێک لە ئەندامانی کۆنگرێس بە ئاشکرا پشتگیریان لەم سزا زیادانە کرد و تەنانەت داوای ڕێوشوێنی جێبەجێکردنی بەپەلە و زیاتریان کرد لەسەر ئێران(2).

جگە لەمانەش، کۆنگرێس دەتوانێت لە ڕێگای یاسای سزاکان یاسایەک دەربکات کە سزا بەسەر ئەو دەوڵەت و گروپانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت کە بەشدارن لە چالاکییەکانی دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بۆ نمونە، پەیوەست بە تورکیا و ڕۆژئاوی کوردستان، دوای هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان و هێزەکانی سوریای دیموکرات کە بووە هۆی ئاوارەبوونی زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کەس و برینداربوون و کوژرانی سەدان هاوڵاتی مەدەنی، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا بە زۆرینەی دەنگ ژمارەیەک سزای بەسەر تورکیادا سەپاند. ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ بە زۆرینەی دەنگ پڕۆژە یاسایێکی پەسەند کرد، پرۆژە یاساکە بە دەنگی ٤٠٣ ئەندام بە بەڵێ و ١٦ دەنگیش بە نەخێر پەسەندکرا. کە تیایدا داوا لە دۆناڵد ترەمپ دەکات سزای زیاتر بەسەر بەپرسانی ئەنقەرەدا بسەپێنێت بەهۆی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر باکوری سوریا. پرۆژە یاساکە باس لەوە دەکات، پێویستە فرۆشتنی چەکی ئەمریکی بە تورکیا رابگیرێت. هەروەها داواش لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات زانیاری تەواو لەسەر داهاتی ئەردۆگان و بەرپرسانی دیکەی تورکیا بداتە کۆنگرێس بەمەبەستی سەپاندنی سزا بەسەریاندا. ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە بڕیارەکەیدا داوا دەکات پێویستە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا ناوەکانی ئەو بەرپرسە تورکانەش ڕەوانەی کۆنگرێس بکرێت کە ڕاستەخۆ لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەشداربون بە مەبەستی سزادانیان. بڕیارەکە وەزیری بەگری، سەرۆک ئەرکان، بەرپرسی باڵای سوپای تورکیا و چەندین بەرپرسی دیکەی تورکیا دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لە هێرشەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەشداربوون. هاوکات ئەنجومەنی نوێنەران داواش دەکات سزا بەسەر ئەو بانکانەدا بسەپێنرێت کە مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری تورکیادا دەکەن(3).

---

(1) Ibid., p: 70.

(2) Ibid., p p: 73 - 74.

(3) سپی میدیا، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا سزادانی تورکیای پەسەندکرد، ٢٠١٩/١٠/٣٠، سپی میدیا، https://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=82951&Jor=3 ، بەرواری سەردان (٢٠٢٤/١١/٨).

کۆنگرێس دەتوانێت لە ڕێگەی بڕیارنامە، نامە و بەیاننامە فشار بخاتە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکردنی وڵاتەکەی بۆ ئەوەی سیاسەتی تایبەت بگرێتەبەر بەرامبەر بە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نمونە، لە نامەیێکدا، نوێنەرانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا داوایان لە مایک پەمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کرد هەوڵی زیاتر بدات بۆ ئاسانکاریکردن و یارمەتیدانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کوردەکانی سووریا لە ڕۆژئاوای کوردستان. دوو نوێنەری ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا، مایکڵ مەک کاڵ و ئێلیۆت ئەنگڵ، لەگەڵ دوو نوێنەری باڵای ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا، جێم ڕیش و باب مەنەندز، داوایان لە پەمپیۆ کرد دەروازەی سنووری یەعروبیە لە نێوان سوریا و عێراق بکەنەوە. ئەو چوار نوێنەرە لە نامەکەیاندا بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکایان وتووە پێویستە ئەمریکا ئەو دەروازەیە بکاتەوە چونکە ئەمە دەروازەی ناردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانە بۆ کوردستانی سووریا، هەروەها لەبەر ئەوەی کەلوپەل و جیهازی پزیشکی و تەندروستی لە سووریا کەمە بۆیە پێویستە دەروازەی یەعروبیە بکرێتەوە ویارمەتیی تەندروستی و پزیشکی بگاتە دەستی هاووڵاتیانی ئەم ناوچەیە(1). کەواتە، کۆنگرێس دەتوانێت ڕۆڵ و کاریگەری هەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە هەریەک لە دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە نموونە ئێران و تورکیا.

## ٤. دەرئەنجام

لە ئەنجامدا، بە پشت بەستن بە وەڵامی پرسیار، گریمانە و ئامانجی توێژینەوەکە، ئەم توێژینەوەیە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کەوا کۆنگرێس کاریگەری بەرچاوی هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١. هەروەها، زۆر جار کۆنگرێس توانیویەتی گۆڕانکاری لە شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکات، نەک گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەپێی دەستوری ئەمریکا، کۆنگرێس دەسەڵاتی یاسادانانی ئەمریکایە، دامەزراوەی دەستوری یەکەمە و دەسەڵاتی دەرکردنی یاسای هەیە. لە ڕێگەی دەسەڵات و میکانیزمە دەستورییە جیاوازەکانەوە، کۆنگرێسی ئەمریکا کاریگەری و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. کۆنگرێس لە زۆر ڕێگەوە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەبووە، وەکو: لە ڕێگەی دەسەڵاتی دارایی و بودجە، چاودێریکردنی سیاسەتی دەرەوە و کردەوە سەربازییەکان، پەسەندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، دانان و پەسەندکردنی باڵیۆزەکان، کۆنسوڵەکان و کارمەندانی بواری دەرەکی، دیاریکردنی پەیوەندی ئابووری و ڕێکخستنی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە، دەرکردنی بەیاننامەی سیاسی، پێشکەشکردنی ئامۆژگاری بە دەستەی جێبەجێکاری سیاسەتی دەرەوە، هاوکاریکردنی دەوڵەتان یان سزادانیان، دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ. پاڵپشت بەم دەسەڵاتانەی کۆنگرێس، توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە کۆنگرێس زیاتر لە ڕێگەی دەسەڵاتی دارایی و سزاکانەوە کاریگەری هەبووە، لە کاتێکدا لە دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی جەنگ ڕۆڵی کەمبووەتەوە.

زۆر جار کۆنگرێس توانیویەتی گۆڕانکاری لە شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکات. بۆ نموونە، بەهۆی تێچووی زۆری مرۆیی و ماددی لە جەنگی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، کۆنگرێس بۆ ڕێگەدان بە شەڕ لە دژی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ بەرنامەیەکی پێشکەش بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کرد، کە بریتی بوو لە پشتبەستن بە هێزەکانی ناوخۆ لە عێراق و سوریا و شەڕ کردنیان لە جیاتی هێزی سەربازی ئەمریکا، ئەمە لە کاتێکدایە کە لە شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەمریکا بە هەموو هێزە زەمینی، دەریایی و ئاسمانییەکانی بەشداری کرد.

---

(1) کوردپرێس، ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا داوا دەکەن ئاسانکاری بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی سووریا بکرێت، ١٣ ئایار ٢٠٢٠، کوردپرێس، https://shorturl.at/2ElmZ ، بەرواری سەردان (٢٠٢٤/١٢/١٤).

هەروەها، ئەم توێژینەوەیە نیشانیدەدات کەوا کۆنگرێس دەسەڵات و ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لە یارمەتیدانی ئیسرائیل لە ڕووی دارایی و سەربازی. کۆنگرێس ڕۆڵی هەبووە لە فرۆشتنی چەک بە دەوڵەتانی عەرەبی. لەگەڵ ئەمەشدا، سەرەڕای هەوڵەکانی کۆنگرێس بۆ ڕاگرتنی فرۆشتنی چەک، بە تایبەتی فڕۆکەی ئێف-٣٥، بە سعودیە و ئیمارات، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن (سەرۆک) هەندێک جار توانیویەتی لە ڕێگەی ڤیتۆوە بەسەر کۆنگرێسدا سەربکەوێت، ئەمەش سنووردارێی دەسەڵاتی کۆنگرێس دەردەخات. هەروەها، کۆنگرێس توانیویەتی بودجە بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئەمریکا دابین بکات. کۆنگرێس توانیویەتی سزای ئابووری بەسەر دەوڵەتاندا بسەپێنێت، بە نموونە، ئێران. کۆنگرێس ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ئەنجامدان و کۆتایی پێهێنانی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی پلانی گشتگیری کاری هاوبەشی نێوان ئەمریکا و ئێران.

## لیستی سەرچاوەکان:


**سەرچاوە کوردییەکان:**

**١. پەرتوکەکان:**

- ئەمجەد، محەمەد، سیاسەت و حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێڕانی سەلاح میهرپەروەر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئازادی، هەولێر، ٢٠٢٢.
- حسین، د. شەماڵ، سیاسەتی دەرەکی، لەگەڵ چەند نمونەیەک لە سیاسەتی دەرەکی (ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران، تورکیا)، چاپخانەی نووسینگەی تەفسیر، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٨.
- خەیاڵی، لوقمان، پوختەیەک لە مێژووی گەورە زلهێزی جیهان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٥.
- ڕەحمانی، وریا، مێژووی پەیوەندییەکانی کورد و ئەمریکا، چاپخانەی رۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.
- کۆمەڵێک نوسەر، دەربارەی ئەمریکا – دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرنج و راڤەکاریی، وەرگێڕانی حەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.
- مێرشهایمەر، جۆن و وۆڵت، ستیفن، جەنگی عەقڵ لۆبی ئیسرائیل و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، وەرگێڕانی سیروان حسێن بیەیی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.

**٢. پێگەی ئەلیکترۆنی:**

- سپی میدیا، ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا سزادانی تورکیای پەسەندکرد، ٢٠١٩/١٠/٣٠، سپی میدیا، https://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=82951&Jor=3 ، بەرواری سەردان (٢٠٢٤/١١/٨).
- کوردپرێس، ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا داوا دەکەن ئاسانکاری بۆ یارمەتیدانی کوردەکانی سووریا بکرێت، ١٣ ئایار ٢٠٢٠، کوردپرێس، https://shorturl.at/2ElmZ ، بەرواری سەردان (٢٠٢٤/١٢/١٤).

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**١. الکتب:**

- العاني، د. حسان محمد شفيق، الأنظمة السياسية و الدستورية المقارنة، المجلد الأول، دار الثقافة للنشر و التوزيع، المكتبة القانونية، بغداد، العراق، 2009.

**٢. الموقع الالكتروني:**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

- الجزيرة، مجلس النواب الأميركي.. بيت الشعب، ٢٠١٤/١١/٣، الجزيرة، https://shorturl.at/wGocc ، تاريخ الزيارة (٢٠٢٤/١١/٨).

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**English References:**

**1. Articles:**

- Shukri, Dr. Nawzad Abdullah, The impact of Domestic factors on U.S. Foreign Policy, Journal of Law and Politics, College of Law and Political Science, Salahaddin University – Erbil, 18thyear, No. (29), December 2020, P.P. 31 – 68.
- Tama, Jordan, Forcing the president's hand: How the US congress shapes foreign policy through sanctions legislation, Foreign Policy Analysis, Vol. (16), No. (3), 2020, P.P. 397 – 416.
- Ashfaq, Kashif, and the others, Foundation of American Federalism: An Analysis of its Strengths, Global Pakistan Studies Research Review (GPSRR), Vol. (5), No. (1), 2022, P. P. 48 – 54.

**2. Documents:**

- Congress . gov, H.J.Res.542 - Joint resolution concerning the war powers of Congress and the President., Congress . gov, https://www.congress.gov/bill/93rd-congress/house-joint-resolution/542 , Accessed (30/1/2025).
- Joint Comprehensive Plan of Action, Vienna, 14 July 2015, https://www.europarl.europa.eu/cmsdata/122460/full-text-of-the-iran-nuclear-deal.pdf , Accessed (9/8/2025).

**3. Reports:**

- Blanchard, Christopher M., Congress and the Middle East, 2011-2020: Selected Case Studies, Congressional Research Service, R46796, 2021, P.P.1 – 84.
- Thomas, Clayton, & the others, Arms Sales in the Middle East: Trends and Analytical Perspectives for U.S. Policy, Congressional Research Service R44984 · VERSION (7)· UPDATED, 2020, P. P. 1 – 60.
- Sharp, Jeremy M., U.S. Foreign Aid to Israel, Congressional Research Service, RL33222 · VERSION (49) · UPDATED, 2023, P. P. 1 – 54.

**4. Websites:**

- Constitution. Congress. Gov., ArtI.S4.C2.1 When Congress Shall Assemble, Congress. Gov., https://constitution.congress.gov/browse/essay/artI-S4-C2-1/ALDE_00013352 , Accessed (8/4/2025).
- Constitution. Congress. Gov., ArtI.S5.C4.1 Adjournment of Congress, Congress. Gov., https://constitution.congress.gov/browse/essay/artI-S5-C4-1/ALDE_00013353 , Accessed (8/4/2025).
- Chappell, John Ramming, Analysis | U.S. arms sales to Saudi Arabia send a message of impunity — Congress should step in, Aug 5, 2022, Medium, https://shorturl.at/1mzq2 , Accessed (21/4/2025).

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

- National Museum of American Diplomacy, How does the Department of State interact with Congress?, National Museum of American Diplomacy, https://diplomacy.state.gov/how-does-the-department-of-state-interact-with-congress , Accessed (27/10/2024).

- NJ.gov, A Short History of New Jersey, 2025, Official Site of the state of New Jersey, https://www.nj.gov/nj/about/history/short_history.shtml , Accessed (3/12/2025).

- United States Senate, About Declarations of War by Congress, United States Senate, https://www.senate.gov/about/powers-procedures/declarations-of-war.htm , Accessed (11/9/2025).

- United States Senate, About the Senate and the Constitution, United States Senate, https://www.senate.gov/about/origins-foundations/senate-and-constitution.htm , Accessed (1/5/2025).

- Witkoski, Michael, History of Virginia, 2024, EBSCO, https://www.ebsco.com/research-starters/history/history-virginia , Accessed (3/12/2025).

# تأثير الكونجرس على السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط بين عامي ٢٠٠١ و ٢٠٢١

| |
|---|
| ئاريز عبدالقادر عبدالله |
| قسم النظام السياسي والسياسة العامة، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق. |
| arez.abdullah@su.edu.krd |
| أ. م. د. نوزاد عبدالله شكري |
| قسم العلاقات الدولية والدبلوماسية، كلية العلوم السياسة، جامعة صلاح الدين- اربيل، العراق. |
| Nawzad.shukery@su.edu.krd |

## الملخص

تتناول هذه الدراسة بالتفصيل دور وتأثير الكونجرس الأمريكي على السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط بين عامي 2001 و2021. يتكون الكونجرس الأمريكي من مجلسين، مجلس النواب ومجلس الشيوخ. ولكل منهما دور وتأثير على السياسة الخارجية الأمريكية بدرجات متفاوتة. وبالطبع، يلعب الكونجرس دورًا رئيسيًا في تشكيل السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط. وللكونجرس العديد من الوظائف في السياسة الخارجية الأمريكية. وأهم وظائف الكونجرس هي سلطة إعلان الحرب، وسلطة الموافقة على تعيين بعض كبار المسؤولين، مثل وزراء الخارجية والسفراء، وسلطة الموافقة على الاتفاقيات الدولية التي تبرمها السلطة التنفيذية. وفي مشكلة البحث، توضح هذه الدراسة، على الرغم من تلك السلطات الدستورية، كيف تصرف الكونجرس خلال هذه الفترة. ويتمثل أحد أهداف هذه الدراسة في الإجابة على السؤال الرئيسي حول كيف وإلى أي مدى أثر الكونجرس على السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط بين عامي 2001 و2021؟ وقد استُخدم النهج النوعي والتحليل التاريخي في أسلوب البحث. وبالتالي، فإن الكونجرس له تأثير كبير على السياسة الخارجية الأمريكية. بالإضافة إلى تأثيره على السياسة الخارجية الأمريكية من خلال إقرار القوانين ومراقبة السلطة التنفيذية وتشكيلها، كان للكونجرس تأثيرٌ كبير على السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط بين عامي 2001 و2021 من خلال إعلانات الحرب، وضوابط الميزانية، والعقوبات الاقتصادية. كما تمكّن الكونجرس في كثير من الأحيان من تغيير طريقة تطبيق السياسة الخارجية الأمريكية، بدلاً من تغيير الاستراتيجية الأمريكية في الشرق الأوسط. وتُعد حرب العراق عام 2003 مثالاً على التأثير الذي مارسه الكونجرس.

**الكلمات المفتاحية : الكونغرس، السياسة الخارجية، الولايات المتحدة، الشرق الأوسط.**

# The impact of Congress on the US foreign policy in the Middle East between 2001 and 2021



| |
|---|
| **Arez Abdulqader Abdullah** |
| **Political System and Public Policy department, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq.** |
| **arez.abdullah@su.edu.krd** |
| **Assist. Prof. Dr. Nawzad Abdullah Shukri** |
| **Department of International Relations and Diplomacy, Political science college, Salahaddin University-Erbil, Iraq.** |
| **Nawzad.shukery@su.edu.krd** |




**Abstract**

**This study examines the role and influence of the US Congress on US foreign policy in the Middle East between 2001 and 2021. The US Congress consists of two houses, the House of Representatives and the Senate. Each has a role and influence on US foreign policy to varying degrees. Congress plays a major role in shaping US foreign policy in the Middle East. Congress has many functions in U.S. foreign policy. The most important functions of Congress are the power to declare war, the power to approve the appointment of certain high-ranking officials, such as secretaries of state and ambassadors, and the power to approve international agreements made by the executive branch. In the research problem this study shows, despite those constitutional powers, how Congress has acted during this period. One of the goals of this study is to answer the main question of how and to what extent Congress has influenced US foreign policy in the Middle East between 2001 and 2021? Qualitative approach and historical analysis were used in the research method. Consequently, Congress has significant influence over U.S. foreign policy. In addition, to influencing US foreign policy by passing laws, monitoring, and shaping the executive branch, Congress has had a significant influence on US foreign policy in the Middle East between 2001 and 2021 through declarations of war, budget controls, and economic sanctions. Also, Congress has often been able to change the way US foreign policy is implemented, rather than change US strategy in the Middle East. The 2003 Iraq war is one example where Congress has had an influence.**


**Keywords: Congress, Foreign Policy, the United States, the Middle East.**